شەماڵ عبدالرحمن موفتی

# کۆباسەکانی

# میحراب

## ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

بەرگی پێنجەم

ئامادەکردنی

**عادل شاسواری**

بسم الله الرحمن الرحیم

- کۆباسەکانی میحراب.
- شەماڵ عبدالرحمن موفتی.
- ئامادەکردنی : عادل شاسواری.
- بەرگی پێنجەم.

- **مافی چاپ پارێزراوه.**
- **١٤٢١ ك - ٢٠٠٠ ز.**
- **تیراژ : ١٠٠٠.**
- **پیتچنین : كۆمپیوته‌ری ژیر.**
- **ژماره‌ی سپاردن : (٥٥).**
- **چاپه‌مه‌نیو ئۆفسێتی په‌یڤ.**


# كۆباسی یه‌كه‌م

# ئیعجازی زانستی له دروست بوونی مرۆڤدا

**پرسیارێك له‌دێرین زه‌مانه‌وه مرۆڤ ئه‌یكات[1] له‌خۆیو له‌خه‌ڵكی، بۆ دۆزینه‌وه‌ی راستی كه ئه‌ویش پرسیاری به‌دیهاتنی مرۆڤه. فه‌یله‌سوفی به‌ناوبانگ (ئه‌رسگو تالیس) ئه‌یووت: له‌خوێنی حه‌یزه‌وه مرۆڤ دروست ده‌بێت. ئه‌م باوه‌ڕه‌شی بۆ چه‌ندین سه‌دده چه‌سپی بوو له‌مێشكی زاناكانا، كه‌وا منداڵ له‌خوێنی حه‌یزه‌وه پێك دێت. له‌ساڵی ١٧٠١دا بۆ یه‌كه‌مین جار شكڵی سپیرمی پیاو واته ئاوی پیاو ئاشكرا كرا بۆ خه‌ڵكی له‌و به‌رواره‌وه باوه‌ڕێكی تر په‌یابوو كه**

---

[1] سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كی ئه‌م كۆباسه كتێبی (علم الاجنة في ضوء القرآن والسنة) كه كۆی ئه‌و توێژینه‌وانه‌یه كه پێشكه‌ش كراون له یه‌كه‌مین كۆنفرانسی (ئیعجازی زانستی قورئان و سوننه‌ت) له (ئیسلام ئاباد) ساڵی ١٩٨٧، كه له‌لایه‌ن به‌ڕێز مامۆستا (محمد علی عبدالرحمن)ه‌وه له رێگای كوڕه‌كه‌یه‌وه به‌ده‌ستمان گه‌یشت خوای گه‌وره پاداشتی خێری بداته‌وه.

مرۆڤ لەباوکەوە دێت یان دروست دەبێت، لەکۆتایی سەددەی نۆزدەدا هێلکۆکەی شیرداران و هێلکۆکەی مرۆڤیش دۆزرایەوە، زاناکانی ئەو سەردەمە وەك (ماربیجی) باوەڕیان وابوو کەسەرچاوەی هەر بەدیهێنراوێك دەگەڕێتەوە بۆ دایك، ئەم بیروباوەڕانە لەعەقڵی زاناکاندا چەسپی بوون، جگە لەجەماوەر بەڵام زانایانی ئیسلام قایل نەبوون بەو ئەفکارانە، هەروەها فیکرەیەکی تریش بڵاوبوبووەوە کەوا مرۆڤ بەکامڵی لەیەکەم ڕۆژەوە دروست بووە ئیتر ئایا لەتۆوی دایکەوە بێت یالە تۆوی باوکەوە، بەڵام زانایانی ئیسلام قایل نەبوون بەم دوو فیکرەیە، نە فیکرەی دروست بوونی مرۆڤ لەیەك سەرچاوەوە ئیتر سەرچاوەکە باوك بێت یان دایك بە تەنها وەنە ئەو فیکرەیەی کە مرۆڤ بەتەواوەتیو بەکامڵی دروست بووە لەتۆوی باوکەوە یالە تۆوی دایکەوە چونکە ئەم دوو رایە پێچوانەی دەقی قورئانی پیرۆزن ئەو دەقانەی کە تەئویل هەڵناگرن أعوذ بالله من الشیگان الرجیم (( یاأیها الناسُ إنا خلقناكم مِن ژكرٍ وأنپى))[2] ئەی خەڵکینە ئەی نەوەی ئادەمیزاد هەمووتان لەنێرو مێ پێك هاتوون ئەمە دەقێکە راڤەو تەئویلی تر هەڵناگرێ، راستییەکەی تر دەقێکی قورئانە ((یُخلقُكم فى بُگونِ أمهُاتِكُم خلقاً مِن بُعد خلقٍ فى ڤلماتٍ پلاپ))[3] دیسان ئەو فیکرەی کە مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژەوە بەکامڵی دروست بوو، ئەوە قورئان دژیەتی بەڵکو (خلقا من بعد خلق)[4]، واتە: بەپلە پلە و ووردە ووردە ئەم مرۆڤە لەشەکەی پێك دێت یا تەواو دەبێت، هەروەها لەدەقی فەرموودەی پێغەمبەرا (ﷺ) کە جولەکەیەك پرسیاری لێ دەکات چۆن مرۆڤ دروست دەبێت؟ لەوەڵامدا دەفەرمووێت: ((یایهودی من كُلٍ یُخلَق من نگفه الرَّجل وَمِن نگفه المرأه))[5] دەفەرمووێت:: مرۆڤ لەهەردوولا دروست دەبێت لەئاوی باوك و دایك، لەم دەرسەماندا هەوڵ نادەین کە دەقەکانی قورئان یاخود فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)بگونجێنین لەگەڵ راستییەکانی زانستدا بەڵکو راستییەکان و دۆزراوەی زانستی ئەهێنینە بەردەم دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئیتر خۆت داوەر بە، بزانە چۆن ئەم دۆزراوانە یان راستییە زانستیانە خۆیان مل کەچ دەبن و کڕنوش دەبەن بۆ ئەو دەقە پیرۆزانە، بۆ چەندین سەددە کۆرپەلە ناسی تەنها وەصفی بووە، بەو واتایەی ئافرەتێك منداڵێك فڕێ دەدات لەتەمەنی مانگدا، دوومانگدا یان سێ مانگدا بەو جۆرە وەصف دەکراو تۆماردەکرا، صیفاتی ئەو کۆرپەیە، (علم الاجنه) لەو بوارەدا ئیشی دەکرد، بەڵام لە چلەکانی ئەم سەددەیەدا بەهۆی (الالیاف البصریه)یەوەو کامێراو ووردبینیوە ئەم زانستە هەنگاوێکی گەورەی بڕیو چووە قۆناغێکەوە کە پێی دەڵێن (علم الاجنه التجریبی) بە تاقی کردنەوەو ئەزموون سەلماندی کە کۆمەڵێك راستی هەیە. لەوەو پێش تەنها خەون بوون پاشان بوونەتە راستی زانستی، ئێمە ئێستا بۆ بەڕێزتانی باس دەکەین و پاشانیش ئایەتەکان دەخەینە ڕوو.

خۆت حوکم بدە...

---

[2] النساء / ١ .

[3] الزمر / ٦ .

[4] الزمر / ٦ .

[5] مسند احمد / ٤٦٥ .

- زانست ئەلیت: لەملیۆنەها تۆوی پیاوەوە تەنها چەن سەد دانەیەك دەگاتە هیلكۆكە، پیغەمبەر (ﷺ) پیش چوارده سەددە لەمەو بەر فەرمویەتی: (مامن كل الماو یكون الولد) واتە: هەموو ئاوەكە بەشدار نابیت بۆ دروست بوونی ئەو منداله بەلكو بەشیكی كەمی زانستیش دەلیت: ژمارەیەكی زۆر كەم ئەگەنە هیلكۆكە.
- مەرجە لەهەمووپیتاندنیك دا یان لەهەموو دروست بوونیكی منداڵدا هەردوو ئاوی ( دایك و باوك) بجولینەوەو بگەن بەیەك، جوڵانەوە مەرجە بۆ پیتاندن، لەكتیبی (التكامل البشری) نوسراوی دوو پرۆفیسۆری رۆژئاوایین (پیچ)و (فیلی) دەلین كەوا ئاوی پیاو ماددەیەكی تیدایە پیی دەلین: (پرۆستاگلاندین) كاردەكاتە دیواری رەحم، گرژی دەكاتەوە، ئەو گرژبونەووەیە یارمەتی گواستنەوەی ئەو تۆوە دەدات بۆ ناوەوە، لەهەمان كاتیشدا دەركەوت كە ئەو هیلكۆكەیە هەمیشە لەجولەدایە تا دەگاتە ناورەحم، ئەو دوو جولەیە مەرجن بۆ دروست بوونی منداڵ، قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:: (فلینظر الانسان مم خلق خلق من ماو دافق)[٦] واتە: مرۆڤ با تەماشا بكات لەچی دروست بووە؟ لەئاویك دروست بووە كە دەبیت بجولیتەوە ئەبیت دەرپەریت و حەرەكە بكات.
- زانست دەلیت: مەرجە ئەو تۆوەی پیاوە بگاتە هیلكۆكە ئەگینا منداڵ دروست نابیت وە ئەبیت صیفاتی هەردووكیان تیكەڵ بن. قورئان دەفەرموویت: (إنا خلقنا الانسان من نگفە امشاج نبتلیه فجعلناه سمیعا بصیرا)[٧] واتە: ئیمە مرۆڤمان دروست كردووە لەتۆویكی تیكەڵاو، ئیمامی قرگبی دەفەرموویت:: (النگفه مفرده لكنها من معنی الجمع) بەگویرەی قەواعیدی زمانی عەرەبی (الصفه تتبع الموصوف) ئاوەلناوەكە دەبیت شوین وەصف كراوەكە بكەویت. لیرەدا (نگفه)كە تاكە كەمەوصوفەكەیە، وەصفەكە (امشاج)ەكە كۆیە ئەمەش نابیت وابیت یان ئەبوایە هەردووكیان تاك بوونایە یا هەردووكی كۆببوونایە.

ئەمە گەورەترین بەلگەیە كەوا (نگفه)كە تاكیكە لەباوكەوەو تاكیكە لەدایكەوە پاشان تیكەڵ دەبن و دەبنە كۆ (أمشاج).

تیبینی / (إنا خلقنا) كە لیرەدا خوای گەورە دەفەرموویت: (إنا) لەگەڵ (نحن) مانای خۆمان یاخود (نحن) مانای ئیمە دوای ئەوە، یاصیفەتیك لەصیفاتی جلال یا جمال ی خوای گەورە دیت یا كاریك لە كارە جوانەكانی خوای گەورە، واتە: بۆ پیشان دان یا ئامـاژە پیكردنی صیفەتیك لەصیفاتی كەماڵی خۆی (جل جلاله) ئەبێ بیت بۆ نموونە: (إنا خلقنا) كرداری بەدیهینان لەبەرئەوەی كاریكە لەدەسەلاتی بەدیهینراودا نییە، خوای گەورە (إنا)ی بەكارهیناوە، (إنا انزلناه فی لیله القدر)[٨] هەر خۆی تەنزیل و پیك هینانی تەنزیلەكەش دەكات ئەو دەستورە لەدەستەڵاتی مەخلوقدا نییە وە هینانە خوارەوەی ئەو تەنزیلە بۆ دلی پیغەمبەر (ﷺ) كاریكە لەدەستەڵاتی مەخلوقدا نییە، وە جیگیر كردنی ئەو تەنزیلە لەدلی

[٦] الطارق / ٦،٥ .

[٧] الانسان / ٢ .

[٨] القدر / ١ .

پیغەمبەرا (ﷺ) وە هاتنە دەرەوەی ئەو تەنزیلە لەزمانی پیغەمبەرەوە (ﷺ) ئەمە کاریکە تەنها بەپەروەردگار دەکریت بۆیە دەبینیت (إنا) بەکارهاتووە دوای ئەوە فیعلیکی تعجیزییەو لەدەستەلاتی مرۆڤدا نییە (إنا نحن نزلنا الژکر وإنا لە لحافڤون)[9] إنا و نحن بەکارهاتووە چونکە کرداری تەنزیل کرداریکە لەدەستەلاتی بەدیهینراواندا نییە (وإنا لە لحافڤون) پاراستنی ئەو (ژکر) قورئانەش لەگەل هەموو گۆرانکاری ژیانی مرۆڤدا تا رۆژی قیامەت ئەوە لەخودی خۆیدا ئیعجازیکە، پاراستنیکە لەدەستەلاتی بەدیهینراودا نییە (وإنا لنحن نحیی ونمیت)[10] هەردوو فرمانی کاریگەری ژیاندن و مراندن تەنها لە کارسازی خوا دەوەشینەوە (جل جلالە) (ونحن الوارپون)[11] میراتی و گەرانەوە تەنها بۆ پەروەردگارە واتە: میرات گری راستەقینە تەنها خوایە (سبحانە وتعالى)، لیرەدا بۆمان دەرکەوت کە هەموو بەکارهینانیك بۆ إنا یا نحن مەرجە صیفەتیك یا کاریك لە کارەکانی پەروەردگار بیت بەدوایدا ئایا لەسیفاتی جلال بیت یان جمال یا هەر ناویك بیت لەناوە جوانەکانی پەروەردگار، بەلام گەر خوای گەورە مەبەستی ئەوە نەبوو کەباسی سیفەتی خۆی بکات یا باسی فیعلی خۆی بکات ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو باسی زاتی خۆی بکات ئەوە إنا یا نحن بەکار ناهینیت بەلکو (أنا) ئەفەرمویت (من) بەکاردەهینیت (إننی أنا الله لا الە الا أنا فاعبدنی)[12] (إنی أنا ربك)[13] کەمەبەستی زاتی خۆی بیت ئەفەرمویت: (أنا) گوتاریکە بۆ هەموو مرۆڤیك کەبگەریتەوە بۆ ریگەی راست و پەروەردگار بپەرستیت، دیینەوە سەر باسەکەمان.

- کتیبی (التخلق البشری) پرۆفیسۆر (کیپ مۆر) کە پرۆفیسۆریکی گەورەی ئەم سەردەمەیە لەکۆرپەلە ناسیدا، پرۆفیسۆرە لەزانکۆی (تۆرنتۆ) لەکەنەدا چەندین کتیبی هەیە کە بۆتە کتیبی پرۆگرامی لەزانکۆکانی پزیشکیدا لەجیهانداو میوانی بەریزە لە هەر کۆنگرەیەکی ئیعجازی قورئاندا کە ساز بکریت، بەلکو لەچەند کتیبیکیدا دەقەکانی قورئان دەخاتە لاپەرەکانی یەکەمیەوە چونکە دەقاو دەق لەگەل زانستدا گونجاوە، لەم کتیبەداو لە لاپەرە (١٠)دا دەلیت: لەئاوی ئافرەتدا ئینزیمیك هەیە ئەو پرۆتینەی کەلەسەرەتای سپیرمەکەیا هەیە پرۆتینیکی سوکەرییە کاتێ ئەو ئینزیمە کە تیکەل دەبێ بە ئاوی ئافرەت نزیك هیلکۆکە دائەمالریت و لادەبرێ و ئەو سپیرمە دیتە دەرەوە کە سیفاتی باوکەکەی لەسەر تۆمارکراوەو ئامادە دەبیت بۆ چوونە ناو هیلکۆکە کە لەهەمان کاتیشدا کارلیکیکی وەها روودەدات لەو خانانەی کەلەتویژالی دەرەوەی هیلکۆکەکەن کەکەوتونەتە بەرامبەر ئەم سپیرمە دامالراوەو ئامادەدەبن بۆ هاتنە ژوورەوەی ئەو بەشە، لەهەمان کاتیشدا حالەتیکی سیهەمیش روودەدات لەهەموو رووبەری هیلکۆکە حالەتیك روودەدات لەکرژبونەوە نایەلین

---

[9] الحجر / ٩ .

[10] الحجر / ٢٣ .

[11] الحجر / ٢٣ .

[12] طه / ١٤ .

[13] طه / ١٢ .

هیچ سپێرمیکی تر یا هیچ تۆویکی تر بیته ژوورەوە، ئەم سی رووداوە بۆ زاناکان روون بۆتەوە، قورئانی پیرۆزیش دەفەرموویت: (ولقد خلقنا الانسان من سلاله من گین)[14] ووشەی (سلاله) دەهۆنینەوە بزانین لەزمانی عەرەبیدا مانای چییە؟ (سلاله) لەفرمانی (استل) وە واتە: (انتزاع شیء و إخراجه برفق) داماڵینی شتێك و هینانە دەرەوەی بەئاسانی، ئەو سیفاتی باوکە لەویدا زۆر بەئاشکرا دەرئەکەویت. کەیەکەم هەنگاوی دروست بوونی مندال (سلاله)یە یەکەم هەنگاو بریتییە لەداماڵینی ئەو سپێرمە کە تەنها ئەو بەشەی کەسیفاتی باوکەکەی لەسەر تۆمارکراوە ئەوە دەردەکەویت، هەر ئەوە دیتە دەرەوە، ئەوانەی تر وەك قاوغیك یا بەرگیك فری ی دەدات لەهەمان کاتیشدا داماڵینیك هەیە لە هیلکۆکەی دایکەکەدا ئەو پەردەیەی کەبەرامبەریەتی ئەویش دادەماڵریت و ئامادەدەبیت بۆ هاتنە ژوورەوەی سیفاتی باوك، مەسەلەی بەدیهینان کەئەمە یەکەم هەنگاویەتی تەنها بریتی نییە لەخەلقیکی ئاوا روون و ئاسایی بەلکو قورئان دەفەرموویت: : (قتل الانسان ما أكفره من أى شيء خلقه من نگفه خلقه فقدره)[15] مەسەلە تەنها دروست کردن و ئەندازەگیری نییە بەلکو تقدیری لەگەلە ووردەکارییەکی سەیری لەگەلە ئەو ئەنزیمانەی کەباسمان کرد لەملاوە دەرگای بۆ دەکریتەوەو لەو لا هەموو دەرگاکانی تری لی دادەخریت، بۆ ئەوەی هیچی تر نەیەتە ژوورەوە، (پم جعلناه نگفه في قرار مكين)[16] ووشەی پم لەزمانی عەرەبیدا (تفید التراخی الزمنی) واتە: ماوەیەکی پی دەچیت، زانست بەهۆی کامیراوە بەهۆی ئەزموونەوە بۆی دەرکەوت ئەم تۆوە کاتیك دەچیتە ناو هیلکۆکەوە دەبیتە یەك خانە پیی دەوتریت: (زایگۆت) وە پاش ماوەیەك دەبیتە دووان، دووانەکە دەبیتە چوار ئەمەش پیی دەلین (بلاستۆمیر) هەموو قۆناغەکان پزیشکەکان دەیخوینن لەزانکۆی پزیشکیدا، هەر قۆناغیك ناویکی هەیە لەچوارهەمین رۆژدا پیی دەلین (موورولا) لەپینجەمین رۆژدا پیی دەوتریت: (بلاستۆسست) ئەمە واتە: درەنگ کەوتنیکی تیدایە لەبەر ئەوە قورئان (پم)ی بەکارهیناوە وە پاش ئەم (٥) رۆژە (پم جعلناه نگفه) پیشتر ئاماژەمان پێ کرد کە جولە لەتۆوی پیاوو ئافرەتدا مەرجە، ئەم هیلکۆکەیە پاش ئەوەی کە تۆوەکە چووە ناوی ئەبینیت ئەجولیت، لە کەنالی فالوبەوە ئەروات و ئەجولیت، ئەم گۆرانکاریانەشی بەسەردادیت تا دەبیتە (١٦) دانەو گەورەتر دەبیت تا دەگاتە ناو رەحم لەویدا شیوەی لە دلۆپە (قگره) ئاو دەچیت، قورئان دەفەرموویت: (پم جعلناه نگفه) (پم) بریتییە: لەو (٥) رۆژەی کە دەخایەنیت (جعلناه نگفه) بزانین (نگفه) لەزمانی عەرەبیدا مانای چییە؟ لە زۆربەی سەرچاوە فەرهەنگییەکانی زمانی عەرەبییدا ئاوا هاتووە کە (نگفه) واتە: (القليل من الماء الذي يعدل قگره) ئەو برە کەمەی ئاو کەیەکسانە بە دلۆپەیەك، بیجگە لە ووشەی دلۆپە ئایا چی گونجاوە لیرەدا ئیمە بەکاری بهینین؟ جوانترین و شیاوترین و گونجاوترین ووشە بۆ ئەم

---

[14] المؤمنون / ١٢ .

[15] عبس / ١٨ .

[16] المؤمنون / ١٣ .

**دۆخە ووشەی (قگرە)یە، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموویت:: ئەیکەین بە دلۆپەیەك لەکویدا (فی قرار مکین ) گرنگ ترین دوو خەسلەتی پزدان (منالدان) یا رەحم ئەوەیە کە یەکەم: جیگیربوون.**

**دووەم: پاراستن و ئارامی تیدایە، ئەو بەدیهینراوە لە پزداندا جیگیر دەبیت، ئەلکیت بە دیوارەکەوە ئەمە (قرار) جیگیربوونەکەیە[17] (فی قرار مکین) (مکین)یش سیفەتیکی ئاشکرای رەحمە کە ئەو ئامادەبوونەی تیدایە بۆ پاراستنی ئەو مندالە.**

**هەر لە شەشەمین رۆژەوە لەناو دیواری رەحمدا دەچینریت (ئینپلانتەیشن)ی پی دەلین، دەچەسپیت خۆی دەلکینیت بەوەوە، وورده وورده لەچواردەهەمین رۆژدا شیوەی دلۆپەکە نامینیت شیوەیەکی تر دروست دەبیت قۆناغیکی ترە کە قورئان ناوی ناوە (پم خلقنا النگفە علقە)[18] ئەم (پم)یەش دیارە ماوەیەك بەسەریدا تیپەر دەبیت تا شیوازی کرمیك وەردەگریت. (علق) لەزمانی عەرەبیدا دوو مانا دەبەخشیت: مانایەکیان (هو الالتصاق والتعلق بشی و ما) واتە: لکاندن و خۆهەلواسین بەشتیکەوە کە ئەمە رووی داوە چونکە ئەم کۆرپەیە لەو تەمەنەدا کە تەمەنی ١٤رۆژو بەرەو ژوورە خۆی هەلواسیوە بەدیواری رەحمەوە وەخۆی نوساندوە بەدیوارەکەوە وە لە١٦هەمین رۆژدا چوکلەیەك دروست دەبیت دەبیتە والآشی دوارۆژ ئەوە روونە کە بەوەوە خۆی هەلواسیوە، مانای دووهەم: (دودە الما و التی تمتص الدم) ئەو کرمی ئاوەی کە خوین دەمژیت، ئەم مانایەش دیسان گونجاوە بۆ ئەم وەصفە چونکە لەو تەمەنەدا لەدەوروبەری تەمەنی ١٤ تا ٢٤ رۆژ ئەوە لە کرمی ناو ئاو دەچیت، ئەو کرمەی کە خوین دەمژیت چونکە ئەمیش خوین دەمژیت، ئەگەر ئەو بەدیهینراوە لەو قۆناغەدا بهینینە دەری پرە لەخوینی دایکەکە، واتە: هەردوو ماناکە گونجاون و جوانترین دەربرین بەکاربیت بۆ ئەم قۆناغە بەراستی زاراوەی (علقە)یە، پاش (علقە) ئایەتەکە دەفەرموویت: (فخلقنا العلقە مچغە)[19] لیرەدا (پم)ی بەکار نەهینا، (فاو التعقیب)ی بەکارهینا (تفید التعقیب والترتیب) واتە: شتیك روودەدات کوت و پرە، ماوەی زۆر ناخایەنیت، ئەم (علقە)یە شیوەی دەگۆریت دەبیتە (مچغە) زانستیش بۆی دەرکەوت کەئەم قۆناغەی (مچغە)یە لە ٢٥ یا ٢٦هەمین رۆژدا دروست دەبیت. لەزمانی عەرەبیدا (مچغە) واتە: ( شی و لاکتە الاسنان) یاخود (مادە ممچوغە علیها گبع الاسنان) واتە: ئەو کەرەستەیەی کە شوینەواری دانی مرۆڤی پیوە دەرکەوتووە. یان بەواتایەکی تر واتە ئەو ماددەیەی کە بە دان جووراییت. مانایەکی تریشی هەیە (مایمکن مچغە) زانا رۆژئاوای‌یەکان زاراوەی چوود لایك (Chewed Like) یان بەکارهیناوە لەکتیبە زانستی‌یەکاندا. واتە: ماددەیەکی جووراو ئاگاشیان لەقورئان نی‌یە کە**

---

[17] ووشەی (قریة وقری)ش لەوەوە هاتووە واتە: دێ، مەبەست پێی جینشین بوونە، ئەگەر گوندیك کۆچەر بن بە شوینەکەیان نالین (دێ)، بەلکو پێی ئەلین (هۆبە، دەوار، رەشمال)، شوینیك (استقرار)ی تیدا بیت پێی دەوتریت (قریة) دێ.

[18] المؤمنون / ١٤ .

[19] المؤمنون / ١٤ .

١٤سـەدە لەمـەوپیش وەصفی کردوە بـەجووراو لەشـتیك دەچیـت کـە بـە ددان جوورابیـت و شوینەواری دانەکەی لەسەر دەرکەوتبیت. سەیر دەکەین لەکتیبی (علم الاجنە في چوو القران والسنە) خشتەیەك هەیە لەلاپەرە ٧٨دا بۆمان دەردەخات کە لە (٢٣ و ٢٥ و ٢٧) هەمین رۆژدا کتوپر حەوت یان هەشت چوکلە پەیا ئەبن. کەپیش ئەو بەرواره ئەم چوکلانـە نەبوون کەلـە دەرەوە سـەیری دەکـەیت لـەچی دەچیـت لەماددەیـەکی جـووراو دەچیـت ئەمانـە دەبنـە سـەرچاوەیەك بۆ زۆر لەئەندامـەکانی لـەش، ئیسقان و هـەروەها ماسـولکەو ئۆرگانـەکانی تـر بەلام هەمووی نابیگومان قۆناغی (مچغە) بەردەوام دەبیت تا ٤٢هەمین رۆژ واتە: تا شەشـەمین هەفتـە ئینجا هـەندیك لەئەندامەکان دروست دەبن. خوای گـەورە دەفـەرموویت: (.... پـم مـن مچغـە مخلقـە وغیر مخلقـە)[٢٠] هـەندیك ئـەندام دروسـت دەبیـت لـەو قۆناغـەدا و هـەندیکی تـری هیشـتا دروسـت نـەبووە. زانسـت بـۆی دەرکـەوت کـە کۆرپەلـەی مـرۆڤ لـە ٤٢ هـەمین رۆژدا جیادەکریتەوە لەگەل کۆرپەلەی ئاژەل دا، لەو کاتەدا ئەوە روون دەبیتـەوە. بەبی ئـەوەی هیچ گوزارشتیك بدەیـن فـەرموون بزانن پیغەمبـەر (ﷺ) چـی دەفەرموویت:: (إژا مر بالنگفه اپنـان واربعون لیله بعپ الله الیها ملکا فصورها وخلق سمعها وبصرها وجلدها ولحمها وعڤامها)[٢١] ئەو ٤٢ رۆژەی کە زانست دەلیت گۆرانکاری‌یەکی روون و ئاشکرا دروست دەبیت لەکۆرپەلەی مرۆڤدا سەرەتای دروست بوونی ئیسك و سەرەتایی جیاکردنەوەیەتی لەگەل کۆرپـەی ئـاژەلا، ئـەم فەرموودەیـەش پیغەمبـەر (ﷺ) دەفەرموویت: کەلەسکی دایکیدا ٤٢ شـەو تـەواو دەکـات خوای گـەورە فریشتەیەك دەنیریت شیوە جیادەکاتـەوە، ئیسکی پی‌ئـەدا گۆشتی پـی دەدا، پیستی پی دەدا، چاوو گوێی بۆ دروست دەکات بەفرمانی خوا (سبحانه و تعالی)، مەسەلەی ئیسقان هـەمووی پیکـەوە گـەشە ناکات سیستـەمیکی زۆر سـەیرە هـەندیکی هـەر لـەو تـەمەنـە کورتـەدا وەك ئیسقانەکانی نـاو گـوی (گـوێی نـاوەندو سندان و ...) ئەمانـە لەتەمـەنیکی زۆر بچوکدا دروست دەبن و کـامل دەبن. بـە لام ئیسکی ئـەندامی تـری وەك ران و باسـك و بـازوو ئەمانـە هـەتا ٢٠ سـالی نـەش و نما یـان بەردەوامە. زانسـت تـا پـیش دروسـت بوونـی ئـامیرە پیشکەوتووەکانی پشـکنین و ئـەزموون وای دەزانی گۆشـت دروست دەبیت پاشـان ئیسـقان دروسـت دەبیـت بـەلکو قورئـان دەفـەرموویت: (فکسـونا العڤـام لحما)[٢٢] بـەلکو ئیسـك دروسـت دەبیـت وە پاشـان بـەکتوپری گۆشـتی لەسـەر دروسـت دەبیـت، ئیسـکەکە کـە لەسـەرەتادا کالسیۆمی زۆر وەرنـەگر تووە، واتـە: ئیسـکە پەیکـەریکی کرکراگەی‌یـە، پاشـان وردە ووردە پتەو دەبیت و گۆشتیشی لەسەر دروست دەبیت، ئایا پیغەمبـەر (ﷺ) ئـەم جۆرە کامیرایانـەی هەبووە کەئەمە وەصف دەکات؟ بەلکو لەکۆتایی فەرموودەکەدا (پم قال: یارب أژکر أم أنپی؟ فیقچی ربك ماشاو، ویکتب الملك)[٢٣] پاش ئەوەی کە فریشتەکە ئەو سیفاتانە تۆمار دەکات وە

---

[٢٠] الحج / ٥ .

[٢١] ئەم فەرمووده دریژە لە (صحیح مسلم) بە ژمارەی (٢٤٤٥) یاداشت کراوە، لاپەرە (٢٠٣٧) کتاب القدر / ج ٤ .

[٢٢] المؤمنون / ١٤ .

[٢٣] پاشماوەی فەرموودەکەی لاپەرە (٢٠٣٧)ی (صحیح مسلم)ە.

دەفەرموویت: خوایە نیرینەیە یا مێینە؟ خوای گەورە حوکمی چۆنە بزانە پاشان حوکم دەدات چونکە دوای ئەوە بە ٨٤ ڕۆژ ئینجا ڕەگەزی ئەو بەدیهێنراوە دیاری دەبێت. کچە یا کوڕە! ئەوەش تۆمار دەکرێت لەو قۆناغەدا، دوای ئەوە قۆناغی (نشأه) گەشەمان هەیە (ثم انشأناه خلقا ئاخر)[24] جومجومەی کۆرپە لە سەرەتادا زۆر گەورەیە لەچاو لەشیدا دوای ئەو قۆناغە دەبینین وورده وورده شێوە منداڵیك وەردەگرێت (ثم انشاناه خلقا ئاخر) ئەویش ماوەیەك دەخاینێ‌و وورده وورده گەورە دەبێت لە ٩هەمین هەفتەوە دەست پێ دەکات هەتا ١٢هەمین هەفتە. ئیتر ڕەگەزەکە پەیدا دەبێت بەخێرایی دەڕوات تا ٣٨هەمین هەفتە لەو ماوەیەدا ئەندامەکان سەرجەمیان دروست دەبن و ڕۆح دەکرێت بەبەریدا، لێرەدا ڕاستی‌یەکی زانستی تریش هەیە کە تا ٦ مانگ تەواو دەکات لەڕووی زانستی‌یەوە پێ‌ی دەوترێت: (ئیمبریۆ) دوای ٦ مانگ پێ‌ی دەوترێت (فیتەس) دوای ٦ مانگەکە گەر ئەو منداڵە دەربهێنرێت ئەژی چونکە جەستەی تەواو بووە، ئەم ڕاستیە ١٤ سەددە لەمەوپێش پێشەوا عەلی (ڕەزای خوای لەسەربێت) بەهۆی هەلگۆزینی دوو ئایەتی قورئانەوە فەرمووی (هەلگرتنی منداڵ لەسکی دایکدا شەش مانگە) ئەمەش بەپێ‌ی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموویت: (وحمله وفصاله ثلاثون شهرا)[25] حەملی دایك بۆ منداڵ هەتا لە شیر دەبڕرێتەوە ٣٠ مانگە، ئایەتێکی تر هەیە (والوالدات يرضعن اولادهن حولين كاملين)[26] دایك دەبێت شیر بدات بەمنداڵی بۆ ماوەی ٢٤ مانگ:

٣٠ – ٢٤ = ٦ مانگ واتە: ٢٤ لە ٣٠ دەرکەین شەش دەمێنێتەوە.

ئیستا زانستی پزیشکیش ئەم ڕاستی‌یەی سەلماندووە، وە ئەمە ئەمڕۆ تەنها بۆ پزیشکەکان نی‌یە، بەڵکو بەهۆی چڕی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە لەجیهاندا ئەم ڕاستیانە هاتۆتە بەردەمی هەموو مرۆڤێك، کە ئەمە بەرجوویەکە لە بەرجووەکانی خوا چۆنیەتی دروست بوونمان دەرکەوتووە بەڵکو زاناکان و پسپۆرە بەرزەکانی جیهان دان بەوەدا دەنێن کەلەهەموو قۆناغیکدا قودرەتێك بەڕیوەی دەبات، حیکمەتێك، لگفیك، ڕەحمەتێك لەگەل ئەم کۆرپەیەدایە بەڵکو کە دەگاتە قۆناغی هاتنە دەرەوەی بۆ ناو دنیا تەماشا دەکەیت بەشێوازێك لەدایك دەبێت لەهەموو جیهاندا لەهەموو مێژوودا ئەو قودرەتە ئەمر دەکات بەئێسکەکانی سەری کە گرژ ببنەوە ئەو قودرەتە ئەمر دەکات بەئێسکەکانی حەوزی دایکی کە بکشێ‌و گەورە بێت. بۆچی ئەو فرمانە ئاوها بۆ دایکەکە ئەڕوات وەئاوها بۆ کۆرپەکە دەڕوات؟ هەردووکی ئێسقانە!! بۆچی ئەم ئێسقانەی حەوزی دایکەکە گەورە دەبێت؟ بۆچی ئێسقانی سەری منداڵەکە کرژدەبن؟ ئایا ئەو منداڵە عەقلی هەیە لەوتەمەنەدا خۆی بچوك بکاتەوەو بێتە دەرێ؟! بێگومان عەقلی نی‌یە. بەڵام ئەو قودرەتەی کەلەیەکەمین ڕۆژەوە چاودێری کردووە تا

---

[24] المؤمنون / ١٤ .

[25] الاحقاف / ١٥ .

[26] البقرة / ٢٣٣ .

ئەو چرکەیە چاودیری دەکات وە پاشان کەدیتە دەری ئەو بەرنامەیەی پیّیە دەگەریت بەشوینی شیرداو دەیدۆزیتەوە بەبی مامۆستا.

لەکۆتاییدا: دەلیم لەپیغەمبەریان پرسی (ﷺ) (أی ذنب أعظم)[27]؟ ئەی پیغەمبەری خوا چ گوناهیك زۆر زۆر گەورەیە فەرمووی : أن تجعل لله ندا وهو خلقك. ئەوەیەکە هاوەلیك بۆ خوا دابنیت کەتۆی دروست کردووە بەبی هاوەل واتە: هاوەل دانەنین بۆ خوای گەورە لەو چوار حەقەی کە هەر هی خوای گەورە خۆیین بە تەنها کەس نەکەین بەهاوەلی:

١-تیایدا لەخۆشەویستیدا هاوەلی نەبیت.

٢-لەگویرایەلیدا هاوەلی نەبیت.

٣-لەچاوگی حوکمدا هاوەلی نەبیت.

٤-لەدوعاداو نزاو پارانەوەمانداو پەنابردنماندا هاوەلی نەبیت.

[27] بە (متن)ی جیاواز هاتووە لە البخاري، المسلم، أحمد بن حنبل، النسائي، الدارمي.